# مردن دەهێنرێت لەسەر شێوەی بەرانێک

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «مردن دەهێنرێت لەسەر شێوەی بەرانێک -کە ڕەنگی- سپیە و-هەندێکی کەم ڕەنگی- ڕەشیشی تێدایە، بانگارێک بانگ دەکات: ئەی خەڵکی بەهەشت، سەریان بەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، دەڵێت: ئایا ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ، ئەمە مردنە، وهەموویان بینیوویانە، پاشان بانگ دەکات: ئەی خەڵکی دۆزەخ، سەریان بەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، دەڵێت: ئایا ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ، ئەمە مردنە، وهەموویان بینیوویانە، پاشان سەری دەبڕدرێت، پاشان دەڵێـت: ئەی خەڵکی بەهەشت ژیانی بێ کۆتای وبێ مردن بۆتان بۆیە هەرگیز نامرن، ئەی خەڵکی دۆزەخ ژیانی بێ کۆتایی وبێ مردن بۆتان بۆیە هەرگیز نامرن، پاشان -ئەم ئایەتەی- خوێندەوە: {وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ} [مریم: 39] واتە: {ئەو (ستەمکارانە) لەڕۆژی داخ و خەفەت بترسێنە کاتێک کاروباری (خەڵکی) کۆتایی پێدەهێنرێت لە کاتێکدا ئەوانە غافڵن}، وئەوانە لە غەفڵەت وبێ ئاگاییدان ئەهلی دونیا: {وَهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ} [مریم: 39] واتە: {وباوەڕیش ناهێنن (بەڕۆژی دوایی)}».

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە مردن دەهێندرێت لە ڕۆژی قیامەتدا، لە شێوەی بەرانێکی ڕەش وسپی، بانگ دەکرێت: ئەی خەڵکی بەهەشت ! ئەوانیش سەر وملیان درێژ وبەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، پێیان دەووترێت: ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ ئەمە مردنە، وهەموو پێشتر بینیویانە بۆیە دەیناسن. پاشان بانگکارێک بانگ دەکات: ئەی ئەهلی دۆزەخ، ئەوانیش سەر وملیان درێژ وبەرز دەکەنەوە وسەیر دەکەن، پێیان دەووترێت: ئەمە دەناسن؟ دەڵێن: بەڵێ ئەمە مردنە، وهەموو پێشتر بینیویانە بۆیە دەی ناسنەوە، سەردەبڕدرێت، پاشان بانگکارێک دەڵێت: ئەی ئەهلی بەهەشت مانەوەی هەتاهەتایی بۆ ئێوەیە بۆیە هەرگیز نامرن، وئەی ئەهلی دۆزەخ مانەوەی هەتاهەتایی بۆ ئێوەیە بۆیە هەرگیز نامرن، وئەمیش نیعمەت وبەختەوەریەکی زیاترە کە دەبەخشرێت بە ئیمانداران، وهەروەها سزا وئازاردانی زیاترە لەسەر کافرەکان. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەم ئایەتەی خوێندنەوە: ﴿وَأَنْذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لا يُؤْمِنُونَ﴾ واتە: ﴿ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ستەمکاران ئاگادار بکە لە ڕۆژی ئاهو ناڵە و پەشیمانی کاتێک کار لە کار ترازاوە، لەکاتێکدا ئەوانە لە غەفڵەتدان و باوڕ ناهێنن﴾ لەڕۆژی قیامەتدا ئەهلی بەهەشت جیا دەکرێنەوە لە ئەهلی دۆزەخ، وهەموویان دەچنە ئەو شوێنەی کە بۆ هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە، بۆیە خراپەکار پەشیمان دەبێتەوە کە چاکەکار نەبووە، وئەوەی کەمتەرخەم بووە پەشیمان دەبێتەوە چونکە چاکەی زیاتری ئەنجام نەداوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65035